# فەرەنساو عەلمانییەت



**هاشم ساڵح**

**لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد**

نووسەری ئەم کتێبە، توێژەری فەرەنسایی "گی کوك"ە. "کوك" دەرچووی بەشی فەلسەفەیەو پێشتر لە یەکێك لە کۆلێژەکانی زانکۆی ڤێرسای مامۆستابووەو ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری بەناوبانگی (ئیسبری) بووە. زۆربەی نووسینەکانی پێشووتری تەرخان بووە بۆ لێکدانەوەو تاوتوێکردنی ئایینەکان، بەتایبەتیش چارەنووسی مەسیحییەتو داهاتووی لە خۆرئاوادا. دوای ئەوەی بەهۆی سەرکەوتنی مۆدێرنەی فەلسەفیو زانستییەوە زۆرێك لە سەنگو قورسایی خۆی لەدەستدا، واتە مەسیحییەت دوای ئەو وەرچەرخانە، وەك جاران دەسەڵاتی بەسەر کۆمەڵگە ئەوروپییەکاندا نەما. لەلایەکی ترەوە یەکێکی تر لەو کایانەی جێی بایەخی "کوك"ەو گرنگیی زۆری پێدەدات، فەلسەفەی سیاسییە. لە دواین کتێبیدا کە ئێمە لێرەدا خوێندنەوەی بۆ دەکەینو دەیخەینە روو، "گی کوك" باس لە مەسەلەیەك دەکات کە تا ئەمڕۆش توێژی رۆشنبیرانو

سیاسەتمەدارانی فەرەنسا پێیەوە سەرقاڵن، ئەویش مەسەلەی عەلمانیەتو پەیوەندییەتی بە دەوڵەتەوە لەسایەی سستمی کۆماریدا، ئەو سستمەی لە دوای بەرپابوونی شۆڕشی 1789 لە فەرەنسادا بەرقەرارە.

نووسەر کتێبەکەی دەکات بە چوار بەشەوەو هەر بەشەی چەند نەسکێکی لێدەبێتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە پێشەکیو پاشەکییەکیشی هەیە. بەشی یەکەم تەرخانە بۆ تاوتوێکردنی چەمکی عەلمانییەت، بەو پێیەی سەرەکیترین پرانسیپی کۆمەڵگەی فەرەنسییە لە ماوەی دوو سەدەی رابردوودا. پێشتر بە درێژایی چەندین سەدە، ئایینی مەسیحیو بەتایبەتیش ئاینزای کاتۆلیکی، مەرجەعی سەرەکیی کۆمەڵگەی فەرەنسی بوو، هەر ئەویش دەیتوانی رەوایەتیی ئیلاهی بە پاشاکانی فەرەنساو تێکرای سستمی سیاسیی ئەو وڵاتە ببەخشێتو شەرعییەتی تەواویان بداتێ. وەکی ئاشکراشە لە فەرەنسادا پادشا سێبەری خودابووە لەسەر زەوی، بەڵام لە دوای شۆڕشی فەرەنسییەوە ئەم مەرجەعیەتە نەماو مەشروعیەتێکی نوێ جێگەی گرتەوە. مەشروعیەتێك کە لەسەر فەلسەفەی رۆشنگەریو سەروەریی گەلو مافەکانی مرۆڤو هاوولاتیبوون دامەزرابوو. واتە لە رابردوودا مەشروعیەت لە ئاسمانەوە دەهاتە خوارێ بۆ سەر زەوی، بەڵام لە سەردەمی مۆدێرنەو عەلمانییەتدا ئەوە گۆڕا و گەل بوو بە سەرچاوەی رەوایەتیو مەشروعیەت. لێرەدا سەرنج دەدەین نووسەر دەچێتە زۆر وردەکارییەوەو بە جۆرێك باس لە عەلمانییەت دەکات، وەکی ئەوەی گرنگترین ئایدیایەك بێت کە مۆدێرنە لەگەڵ خۆیدا هێنابێتی. دەبێت ئەوە چاك بزانین کە هیچ نوێگەرییەك بەبێ عەلمانییەت (واتە بەبێ ئازادیی ئایینیو پلورالیزمی ئایینی)، نابێتو عەلمانییەتیش بەبێ مۆدێرنە بوونی نابێت.

بەشی دووەمی ئەم کتێبە باس لەو کۆسپو تەگەرانە دەکات کە لە بەردەم سیستمی کۆماری عەلمانیی مۆدێرن، لە فەرەنسادا دروستبوون. ئەم سستمە هەروا لە پڕێکدا دروست نەبوو، بەڵکو کێشەو ململانێی زۆری لێکەوتەوە، بەتایبەت لە نێوان دوو هێزە سەرەکییەکەی ئەوسای فەرەنسادا، کە بریتیبوون لە کاتۆلیك مەزهەبەکان لەگەڵ کۆماریخوازەکان. کاتۆلیك مەزهەبەکان لایەنگری سستمی پاشایەتیو سەردەمی کۆن بوون، بەڵام کۆماریخوازەکان دژی ئەوانەبوونو دەیانویست لەسەر داروپەردووی ئەو سیستمە بەسەرچووە سیستمێکی دیموکراسیی مۆدێرن بێننە ئارا. بەشی سێیەم، باس لە مەسەلەی پەروەردەو عەلمانییەت دەکات، شایەنی باسە عەلمانییەت تەنها ئەوکات لەناو ریزەکانی گەلی فەرەنسادا بڵاوبووەوەو تەشەنەی سەند کە قوتابخانەی مۆدێرن لەو وڵاتەدا دامەزرا، ئەم قوتابخانانەش لەڕێی بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونی زانستیو فەلسەفییەوە کەوتنە دژایەتیکردنو بەرپەرچدانەوەی قسەو باسی قەشەو پیاوانی کڵێساکان.

بەشی چوارەمو کۆتایی کتێبەکە، باس لە پەیوەندیی نێوان عەلمانییەتو ئایین دەکاتو نووسەر پێیوایە ئەم پەیوەندییە بە دوو قۆناغی سەرەکیدا تێپەڕیووە:

**یەکەم:** قۆناغی ململانێو رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆ لە سەدەی نۆزدەهەمەوە تا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم.

**دووەم:** ساتەوەختی ئێستا کە داوای هێنانەئارای عەلمانییەتێکی کراوەو بەرفراوان دەکات، بەجۆرێك دیالۆگکردن لەگەڵ ئایینو پیاوانی ئایینیدا پەسەندبکات.

ئەمە پانۆرامایەکی گشتیی کتێبەکە بوو، با لێرە بەدواوە بە دوورودرێژی باس لە وردەکارییەکانی بکەین. هەر لە سەرەتاوە "گی کوك" دەڵێت: (تا ئێستاش زۆربەی زۆری خەڵکی فەرەنسا وا لە عەلمانییەت گەیشتوون کە دەبێت ئایدیایەکی پەڕگیرو توندڕەوبێت، واتە دژایەتیی ئایین بەگشتی و مەسیحییەت بەتایبەتی بکات، ئەمەش شتێکی ئاساییە، لەبەر ئەوەی عەلمانییەت دوای شەڕێکی دژوارو بێئامان لە دژی مەسیحییەتو پیاوانی ئایینی، توانیی جێ پێی خۆی بکاتەوە، بەڵام هەنووکە مەسەلەکان گۆڕاون، هەرچەندە ئەم گۆڕانە تا ئێستاش لەناو

جەماوەری بەرفراوانی خەڵکدا رەنگی نەداوەتەوە قبوڵنەکراوە).

ئێمە گەریێتو بە چاکی لە عەلمانییەت بگەین، دەزانین کە عەلمانییەت دژایەتیی ئایین ناکات، بەڵکو لەگەڵ تەواوی ئایینەکاندا هەڵدەکات، بەڵام لایەنگیری هیچ ئایینێك ناکاتو فەزڵی هیچ یەکێکیان بەسەر ئەوانی تردا نادات، واتە دان بە هیچ ئایینێکدا نانێت وەك ئایینی رەسمیی دەوڵەت. عەلمانییەت وەك یەك مامەڵە لەگەڵ ئاینزای پرۆتستانتیو کاتۆلیکیدا دەکات لە فەرەنسا، ئەگەرچی پرۆتستانت مەزهەبەکان لەو وڵاتەدا کەمینەنو تەنها لە (3٪)ی گەلی فەرەنسی پێکدێنن، بەڵام کاتۆلیك مەزهەبەکان زۆرینەی گەلی فەرەنسان و رێژەیان لە (90٪) دەبێت. هاوکات هەمان مامەڵەش لەگەڵ ئایینی یەهودیو ئیسلامیشدا دەکات، لەبەر ئەوەی عەلمانییەت پێی وانییە ئایینی زۆرینە یان مەزهەبی زۆرینە، چاکترینو پەسەندترین ئایینو ئاینزایە. ئەگەر کاتۆلیك مەزهەبەکان پێیان وایە، ئاینزاکەی خۆیان لە هەموو ئایینو ئاینزایەك چاترە، ئەوا پرۆتستانتەکانیش هەمان بۆچوونیان دەرهەق بە ئاینزاکەی خۆیان هەیە. کەواتە دەوڵەتی عەلمانیی فەرەنسا، خۆی ناخاتە ناو ئەم مشتومڕە تیۆلۆژیەوەو پێیوایە تەواوی ئایینو ئاینزاکان بەڕێزنو پێویستە وەکی یەك سەیربکرێنو رێزیان لێبگیرێت. هەر لە درێژەی قسەکانیدا "گی کوك" دەڵێت: (دەوڵەت لایەنگری هیچ ئایینو ئاینزایەکی ناو کۆمەڵگە ناکات و وەك دەزگایەکیش لە ساڵی 1905 لە کڵێسا جیابۆتەوە، بەڵام بۆچی؟ لەبەر ئەوەی دەوڵەت دەیەوێت وەك یەكو بە یەکسانی مامەڵە لەگەڵ تەواوی هاووڵاتیاندا بکات. هیچ هاووڵاتییەك لە هاووڵاتییەکی دی چاکترو باشترنییە، لەبەر ئەوەی سەر بەم یان بەو ئایینو ئاینزایە، نەخێر ئەوەی فەزڵی هاووڵاتییەك بەسەر هاووڵاتییەکی تردا دەدات، تواناو لێهاتوویی تایبەتی خۆیەتی لەگەڵ ئەو شتانەی پێشکەش بە کۆمەڵگەو بەرژەوەندیی گشتیی دەکات. لە رابردوودا، واتە لە سەردەمی بەرلە بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنسیدا، کاتولیك مەزهەبەکان هاووڵاتیی پلەیەك بوون، لەبەر ئەوەی کاتۆلیکییەت ئاینزای زۆرینەی خەڵکی فەرەنسا بوو. لەلایەکی ترەوە پرۆتستانتییەکان چەوساوەو پەراوێزخرابوونو لە پلەو پایەکانی دەوڵەت بێبەش کرابوون، لەبەر ئەوەی کاتۆلیکەکان وەك ئاینزایەکی گومڕاو سەرلێشێواو سەیری ئاینزای پرۆتستانتیەتیان دەکرد، بەڵام دوای شۆڕشی فەرەنسیو دروستبوونی سستەمی کۆماری– عەلمانی، تەواوی هاووڵاتیان وەك یەکیان لێهاتو لەلایەن دەوڵەتەوە بەیەك چاو سەیردەکرێن. جیاوازیی سەرەکیش لەنێوان سیستەمی فیودالی تیۆلۆژیی کۆن لەگەڵ سیستەمی عەلمانیی مۆدێرندا، لێرەدایە. با وەك نمونەیەك توێژی سیاسەتمەدارانی فەرەنسا وەربگرین. ئەم توێژە زۆربەی ئەندامانی بەڕەچەڵەك پرۆتستانت مەزهەبن، واتە سەر بە ئاینزای کەمینەن. سەرەك وەزیرانی پێشووتر لیۆنێل جۆسپان پرۆتستانتییە، هەروەها میشێل رۆکار و پییرجۆکس و..هتد. جاك شیراکیشە، ئەوا بەڕەچەڵەك کاتۆلیکییە، بەڵام لەسەر ئەو بنەمایە بۆ سەرەك کۆماری کانیدنەکراوە، بەڵکو وەك نوێنەری پارتێکی سیاسی کە پارتی دیگۆلییەکانە بۆ ئەو پۆستە دیاریکراوە. کەواتە مەسەلەی ئایینو مەزهەبگەرایی لە فەرەنسا، کاریگەریی لەسەر سیاسەت نییە).

نووسەر پێیوایە ئەرکی دەوڵەتی کۆماری ئەوەیە، هاووڵاتیانێك دروستبکات کە لە ئەرکو مافدا یەکسان بنو وەلائیان بۆ فەرەنسا لە سەرو هەموو وەلائێکی ئایینیو مەزهەبیو ئێتنیکیەوەبێت. هاووڵاتییانی فەرەنسا بەرلە هەرشتێك دەبێت فەرەنسایی بن، بەڵام پێشتر وانەبوو، واتە بەرلەوەی فەرەنسی بوونایە کاتۆلیکی بوون، بەو مانایەی دەرگیربوونی ئایینیو مەزهەبی لەسەرو ئینتیمای نەتەوەییەوە بوو. پرۆتستانت مەزهەبێك، بە هاووڵاتییەکی فەرەنسایی پلە دوو یان پلە سێ دەدرایە قەڵەم. ئەم بەرەوپێشچوونە لەپڕێکدا لە کۆمەڵگەی فەرەنسیدا رووینەدا، بەڵکو تەواوی سەدەی نۆزدەهەمی ویست تا هاتەدی. ئەویش سەروەختێك رویدا کە

کاریگەریی پیاوانی ئایینی لەسەر کۆمەڵگە کەمبووەوەو کاریگەریی فەیلەسوفانی رۆشنگەریی وەك: "ڤۆلتێرو دیدرۆو رۆسۆ"و... هتد، زیادیکرد. نووسەر پێیوایە ساڵی 1789 دابڕنێکی سەرەکیو چارەنووسساز لە مێژووی فەرەنسادا دروست دەکات، نەك ساڵی 1905 کە مێژووی جیاکردنەوەی کڵێسایە لە دەوڵەت. شۆڕشی فەرەنسی کە لە ساڵی 1789 رویداو جارنامەی مافەکانی مرۆڤی ڕاگەیاند، توانیی فەلسەفەیەکی سیاسیی نوێ دابمەزرێنێت، فەلسەفەیەك تیایدا مرۆڤ وەك خۆی بەرزدەنرخێنرێت، بەدەر لەوەی ئەسڵو فەسڵی چییەو سەر بە چ ئایینو ئاینزاو رەگەزێکە.

هەرچەندە ئینگلتەرا بە هەمان ئازادیی ئایینیو سیاسی گەیشت، بەڵام ئەمە نەبووە مایەی کۆتاییهێنان بە سیستمی پاشایەتیو پەیڕەوکردنی سیستمی کۆماری. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ئینگلتەرا لە فەرەنسا کەمتر مۆدێرنترو دیموکراسی تربووە، نەخێر بە پێچەوانەوە زیاتر دیموکراسی تر بووە، لەبەر ئەوەی سیستمی پاشایەتی لە ئینکلتەرا سستمێکی دەستوری بووەو بە ناوی هیچ رەوایەتییەکی ئیلاهییەوە حوکمی نەکردووە. مەشروعیەت لە ئینگلتەرادا لە دەستی میللەتدابووەو توانیویەتی بە دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا، شکست بە پارتێکی سیاسی بێنێتو یەکێکی تر سەربخات. کەواتە گرنگ ئەوە نییە سستمی حوکمڕانیکردنەکە پاشایەتییە یان کۆماری، گرنگ جۆری ئەو دامودەزگایانەیە کە لەناو ئەو سیستەمەدا کاردەکەن. لەبەر ئەوە دەبینین نمونەییترین سیستمی حوکمڕانی لە جیهاندا، سیستمی پادشایی– دیموکراسییە لە وڵاتانی باکوری ئەوروپادا، واتە لە هۆڵەنداو سویدو دانیمارکو..هتد. تەواوی ئەم کۆمەڵگەیانەش کۆمەڵگەی عەلمانین، بەڵام بە شێوازی جیاجیا. هەرچەندە لە ئینگلتەرا ئایینی دەوڵەت ئاینزای ئەنگلیکانی– پرۆتستانتییەو وڵاتی سویدیش پرۆتستانتی لۆتەرییە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە سویدو ئینگلتەرا دوو وڵاتی عەلمانی نین، چونکە ئازادیی ئایینی لە هەردووکیاندا بۆ سەرجەم هاووڵاتییانو بۆ تەواوی ئایینو ئاینزاکان، بەبێ جیاوازی فەراهەمکراوە. هاوکات ئەو ئازادییە بۆ بێباوەڕانیش هەیە. مرۆڤ لەو وڵاتانەدا بۆی هەیە بێباوەڕبێتو لەژێر چەتری هیچ ئایینێکدا نەبێت، بۆ کەسیش نییە لەسەر ئەو کارەی سزای بدات یان بیچەوسێنێتەوە یاخود سوکایەتیی پێبکات.

لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە چەندین رێگامان لەبەردەمدایە بۆ گەیشتن بە عەلمانییەت، نەك تاکە رێگایەك. نووسەر پێیوایە عەلمانییەت لە یەکێك لە پێناسەکانیدا، بریتییە لە پلۆرالیزمو ئازادۆی ئایینی. هەر کۆمەڵگەیەك ئازادیی بیروباوەڕو پەیڕەوکردنی یان نەکردنی سروتو رێوڕەسمەکان بۆ هاووڵاتیانی دەستەبەربکات، ئەوا کۆمەڵگەیەکی عەلمانییە. هەروەها هەر کۆمەڵگەیەك رێگە بە تەواوی ئەو ئاینو ئاینزایانە بدات کە لە چوارچێوەیدا دەژین، بە ئازادی رێوڕەسمی خۆیان جێبەجێبکەنو شوێنی خواپەرستیی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن، ئەوا کۆمەڵگەیەکی عەلمانییە. هەر کۆمەڵگەیەك رێگری ئەوەت لێنەکات بە ئازادی رای خۆت بڵێیتو ئەوەی دەتەوێت بیگەێنیت (بە مەرجێك ئەو شتانە مەیلی رەگەزپەرستیو مەزهەبیی تێدانەبێت)، ئەوا ئەو کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەیەکی عەلمانییە، بەم پێیە دەتوانین بڵێین تاکە کۆمەڵگەیەك کە بە فیعلی رێزی ئایینەکانی تێدا دەگیرێت، کۆمەڵگەی عەلمانییە. عەلمانییەت رێز لە هەموو ئایینەکان دەگرێت نەك تەنها ئایینێك، واتە بە تەنها رێز لەو ئایینە ناگرێت کە ئایینی زۆرینەیەو لەو وڵاتدا باڵادەستە، ئەوەش بۆخۆی پێچەوانەی ئەو بۆچوونە باوەیە کە لە جیهانی عەرەبیو ئیسلامیدا هەیەو پێیوایە عەلمانییەت واتە کوفرو بێباوەڕی!. بە بڕوای نووسەری ئەم کتێبە، هۆکاری بڵاوبوونەوەی ئەم بۆچوونە سەقەتە ئەوەیە کە عەلمانییەت دوای ململانێیەکی تاڵو دژوار نەبێت لەگەڵ پیاوانی ئایینی کاتۆلیك مەزهەبدا، لە فەرەنسادا جێی خۆی نەکردەوەو نەچەسپی. پیاوانی ئایینی کاتۆلیکی لە سەرەتادا، ئەوەیان رەتدەکردەوە ئاینزای ئەوان بخرێتە ریزی ئایینو ئاینزاکانی ترەوەو بەیەك چاو سەیربکرێن،

چونکە پێیان وابوو ئایینی ئەوان (یان ئاینزای ئەوان)، راستەو هەرچی ئایین‌و ئاینزاکانی دیکەیە دروستکراو و ساختەن. گەروابێت چۆن دەبێت ئاینزای کاتۆلیکی لە ریزی ئەوانەدا دابنرێت؟ بەدرێژیی سەدەی نۆزدەهەم، پیاوانی ئاینزای کاتۆلیکی لەسەر ئەم هەڵوێستەیان سووربوون‌و سەرسەختانە داکۆکییان لێدەکرد. دوای بەخەرجدانی رەنجێکی زۆرو هەوڵێکی بێشومار، رازی بوون بە بەهاکانی جمهوریەت‌و ئەو سیستەمە نوێیەی لە دوای شۆڕشی فەرەنسییەوە هاتە ئارا. لەبەر ئەوە عەلمانیەتی فەرەنسی بە شێوەیەکی پەڕگیرو توندوتیژانە هات، چونکە ململانێیەکی خوێناویی توندی لەگەڵ پاپای رۆماو قەشەکانی ئاینزای کاتۆلیکیدا هەبوو کە مێژوویەکی دوورودرێژ لە کۆمەڵگەی فەرەنسیدا بالادەستبوون. فێندەمێنتالیزمی کاتۆلیکی زۆر شەڕانگێزو توندڕەوبوو، سەرسەختانە دژایەتیی ئایدیای مۆدێرنەو لیبرالیزم‌و دیموکراسیی دەکردو لەم پێناوەشدا چەندین فتوای جۆراوجۆری لەدژ دەرکردن.

هەر لە درێژەی نووسینەکەیدا "گی کۆک" دەڵێت: (بەمجۆرە دەتوانین بڵێین عەلمانییەتی فەرەنسایی تایبەتمەندیی خۆی هەیەو هەر ئەمەشە لە عەلمانیەتی ئەڵەمانی‌و ئینگلیزی‌و ئەوانی دی جیادەکاتەوە. لە وڵاتانی پرۆتستانتیدا رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژ لەنێوان پیاوانی ئایینی‌و بەهای عەلمانیەتی نوێدا دروست نەبوو، چونکە پرۆتستانتییەکان پاپایان نییە. لەبەر ئەوە عەلمانیەتی فەرەنسایی زیاد لە عەلمانییەتەکانی دی رادیکاڵانەتر بوو، عەلمانییەتێک دەیویست فێندەمێنتالیزمی دەمارگیر لە رەگوڕیشەوە هەڵبکەنێت). بەڵام لێرەدا دەبێت ئەوەش بڵێین کە سیستەمی عەلمانیی فەرەنسی وەک یەک دان بە تەواوی ئایین‌و ئاینزاکاندا دەنێت‌و رێگەیان پێدەدات، بەوپەڕی ئازادییەوە سروت‌و رێوڕەسمەکانی خۆیان بەجێ بێنن، ئەمەش پێچەوانەی ئەو سیستەمە بێباوەڕییەیە کە "ستالین" ویستی لە یەکێتیی سۆڤیەتی جاراندا بیسەپێنێت‌و سیستەمێك بوو بە فیعلی دژی ئایینەکان بوو. تەنانەت کەوتە چەوسانەوەی پیاوانی ئایینی‌و کڵێساو مزگەوتەکانی داخست، بە بیانووی ئەوەی ئەوە شتێکی رەجعی‌و کۆنەپەرستانەیە، هاوکات رێگەی لە هەموو سروت‌و رێوڕەسمێکی ئایینی گرت! پاشان خەڵکی ئەو سستەمە کۆمۆنیستییەی ئەورووپای خۆرهەڵاتیان لەگەڵ ئەو سیستەمە عەلمانییەی ئەورووپای خۆرئاواو ئەمریکای باکوردا تێکەڵکردو پێیان وابوو هەردووکیان یەك شتن! ئەمەش بۆخۆی هەڵەیەکی گەورەو کوشندەیە، بەڵام کێ دەتوانێت ئەمە لە مێشکی عەرەب‌و موسڵمانان دەربهێنێت؟! کێ دەتوانێت تێیان بگەیەنێت عەلمانییەت واتە رێزگرتن لە هەموو ئایینەکان، نەك بریتی بێت لە کوفرو بێباوەڕی؟!.نووسەری ئەم کتێبە جیاوازی لەنێوان عەلمانییەت‌و عەلمانییەتی پەڕگیردا دەکات‌و دەڵێت: (گۆڕان‌و سەرهەڵدانی عەلمانییەت لە یادەوەریی دەستەجەمعیی فەرەنسیدا، پەیوەستە بە زنجیرەیەك شەڕو ململانێی فەلسەفییەوە. وەکی ئاشکراشە فەلسەفەی رۆشنگەری توانیی تیۆریای عەلمانییەت فۆرمەلە بکات‌و کۆمەڵگەی عەلمانیی کراوە بێنێتە ئارا. ئەو کۆمەڵگە عەلمانییە کراوەیەش لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی ئازاد دروستبووبوو. بیرکردنەوەی ئازادیش باوەڕ بە هیچ شتێك ناکات، ئەگەر بێتو بە شێوەیەکی عەقڵانی‌و عەمەلی نەسەلمێنرێت.. بۆ ئەوەی باوەڕت پێبکەین، هەر ئەوەندە بەس نییە شکۆو گەورەیی پێشینان بەکاربهێنیت. جاران هەر ئەوەندە بەسبوو مرۆڤ بڵێت: پاپا وای وت یاخود فڵانە قەشە ئەمە قسەیەتی، تا بێ سێ‌و دوو خەڵك هەمووی باوەڕی پێبکات، بەڵام لە رۆژگاری مۆدێرنەدا ئەوە نەماوەو هەموو قسەو باسێك ملکەچی پێوەری ئەقڵ‌و لۆژیکە).

هەنوکەو لە سایەی سیستەمی عەلمانیەتدا، مرۆڤ ئەو مافەی هەیە بڕوابێنێت یان نەیهێنێت، سروت‌و رێوڕەسمە ئایینیەکان جێبەجێ بکات یان نەیکات، چونکە ئەمانە شتی تایبەتین‌و لەنێوان مرۆڤ و خوا خۆیدایەو کەس بەنیەتی کەسی تر نازانێت مەگەر خوانەبێت. کەس لە سایەی سیستەمی عەلمانیدا بۆی نییە لەوی دی

بپێچێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو کەسە نوێژناکاتو رۆژو ناگرێتو هاتوچۆی کلێسا ناکات. ئەم شتانە تایبەتینو بۆ کەس نییە قسەیان تێدابکات.. لە کۆمەڵگە عەلمانیو مۆدێرنەکاندا، بۆت هەیە گەر ویستت ئایین یاخود ئاینزای خۆت بگۆڕیت، بەبێ ئەوەی کۆمەڵگە یان دەوڵەت دەستت بۆبەرنو لەسەر ئەو کارە سزات بدەن. بۆ نمونە هونەرمەندی گەورە "مۆریس بیجار" ماوەیەکی زۆرە بۆتە موسڵمان، بەڵام تا ئێستاش بە چاوی رێزەوە سەیردەکرێتو بەهاو پێگەی خۆی لەناوی کۆمەڵگەی فەرەنسیدا لەدەست نەداوە. ئەو کۆمەڵگەیە ئەگەرچی لە روی مێژوییەوە زۆرینەی مەسیحییە، بەڵام لە ئێستادا کۆمەڵگەیەکی عەلمانییە. هاوکات خۆرهەڵاتناس "ڤانسان مۆنتێل"یش هەمان شتی کردو دوای ئەوەی ئاشنایەتییەکی تەواوی لەگەڵ کولتورو ترادسیۆنی روحی ئیسلامدا پەیداکرد، ئیسلامبوونی خۆی راگەیاند، بەبێ ئەوەی پلەو پایەی خۆی لەناو زانکۆدا لەدەست بدات. ئەتوانین لەمبارەیەوە نمونەی زیاترو زۆرتر بەردەست بخەین. لێرەوەیە کە جیهانی خۆرئاوا، وڵاتانی عەرەبیو ئیسلامی بە دەمارگیریو نالێبوردەیی لە روی ئایینیەوە تاوانباردەکات.. تۆ دەتوانیت چەندین مزگەوتی جوانو گەورە لەگەڵ ئەو سەنتەرە ئیسلامیانەی لەگەڵیدایە، لە زۆربەی پایتەختە مەزنەکانی خۆرئاوای وەك: (پاریسو لەندەنو رۆماو برۆکسل)دا دروست بکەیت، بەڵام بۆت نییە لە وڵاتانی عەرەبیو ئیسلامیدا تاکە کلێسایەك چییە بکەیتەوە!. هەرچۆنێك بێت، نووسەری ئەم کتێبە زۆر تەئکید لەم بۆچوونە دەکاتەوە: (عەلمانییەت واتە ئازادیی ئایینیو ئیعترافکردن بە بوونی فرە بیروباوەڕی لەناو یەك کۆمەڵگەدا. هەروەها پێکەوەژیانی برایانەو دۆستانە لەنێوان تەواوی هاووڵاتیاندا، بەبێ گوێدانە ئەوەی موسڵمانن یان مەسیحین یاخود جولەکەن یان بودایین یاخود هندۆسینو..هتد، چونکە سەرجەم ئایینەکان لە ناوەڕکدا یەکەن، ئەگەرچی لە سروتو رێوەڕەسمەکانیاندا جیاوازن. ناوەڕۆکی هەموو ئایینەکانیش تەئکید لە بەها ئەخلاقیو روحییەکان دەکەنەوە. هیچ ئایینێك نییە کوشتنو درۆو دزیو فرتو فێڵکردن بە ڕەوا بزانێت). بەڵام عەلمانییەتی پەڕگیر رقی لە ئاینو ئیماندارانەو دەیەوێت گەر بۆی بچێتەسەر، هەستو سۆزی ئایینی لە دڵو دەروونی مرۆڤدا نەهێڵێت. ئەمەش ئەو عەلمانییەتەیە کە ئەم کتێبە سەرکۆنەی دەکاتو بەڕاستی نازانێت. لەم بارەیەوە "گی کوك" دەڵێت: (بەم پێیە مارکسیزم عەلمانییەتێکی توندڕەوەو وەکی یەك لە هەموو ئایینەکان داخ لە دڵە. لەبەر ئەوە پێویستە لەنێوان عەلمانیەتو عەلمانییەتی توندڕەودا جیاوازی بکەینو بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ یەکدا تێکەڵیان نەکەین). دوای ئەم مەسەلانە نووسەر دێتە سەر باسکردنی ئەو ململانێیەی لە ئێستادا لەسەر باڵاپۆشیی ئافرەتان لەئارادایەو بە درێژایی چەند مانگی رابردوو کۆمەڵگەی فەرەنسیی بەخۆیەوە خەریککردبوو. لە سەرەتاوە نمونە بە قسەیەکی "جیڵ کیبڵ" دێنێتەوە کە دەڵێت: (گەر دەمانەوێت کۆچبەرانی وڵاتەکەمان بگەنە بەها یۆنیڤێرسالییەکانی فیکر، ئەوا نابێت بهێڵین نیشانەو سیمبوڵی ئایینیو مەزهەبی لە قوتابخانەدا هەبێت. واتە نابێت رێگە بدەین باڵاپۆشیو خاچو سیمبولە ئایینیەکانی دیکە لە قوتابخانەدا هەبنو ئینتمای ئایینیی خوێنکاران ئاشکرا بکەن). وەکی دەزانرێت "جیڵ کیبڵ" پسپۆڕە لە کاروباری ئیسلامیداو لە ئێستادا بە یەکێك لە گەورە خۆرهەڵاتناسانی فەرەنسا ئەژماردەکرێت. هەر بۆیە لە سەروبەندی تاوتوێکردنی کێشەی حیجاب لە فەرەنسادا، سەرۆك "جاك شیراك" رایسپارد تا وەك ئەندامێك لە لیژنەی بەعەلمانیکردنی فەزای گشتیدا کاربکات. هەروەها لەلایەن حکومەتەوە راسپێردراوە تا سیاسەتی فەرەنسا بۆ وڵاتانی عەرەبی روونبکاتەوە، لەبەر ئەوەی زۆر بە چاکی ئاگاداری وڵاتانی خۆرهەڵاتو خۆرئاواو کەنداوی عەرەبییە."گی کوك" پێیوایە هۆکاری قەدەغەکردنی هەموو نیشانەو سیمبولێکی ئایینی لە شوێنە گشتییەکانی فەرەنسادا،

بە شێوەیەکی سەرەکی لەبەر ئەوەیە خوێندکاران لەیەك چوارچێوەدا کۆبکەنەوە، بەبێ گوێدانە ئەوەی سەر بە چ ئایین‌و رەگەزو کولتورێکن. وەکی ئاشکرایە قوتابخانەو شوێنە گشتییەکان، ئامانجیان پەروەردەکردن‌و پێگەیاندنی هاووڵاتیی چاکە بۆ داهاتوو. بۆیە دەبێت بەرلە هەرشتێك، وەلائیان بۆ فەرەنسا هەبێت، نەك بۆ ئەم یان ئەو ئاین‌و ئاینزابێت. سەرەڕای ئەوەش دابەشبوونی ئایینی‌و مەزهەبی دەبێتە مایەی دروستبوونی دوژمنایەتی‌و توندوتیژی لەنێوان خوێنکاراندا، چونکە هەرکەسەو خوێنگەرمانە دەکەوێتە داکۆکیکردن لە ئایینی خۆی‌و رقهەڵگرتن لە شوێنکەوتووانی ئایین‌و ئاینزاکانی دیکە، هیچ دەوڵەتێکیش کە بە تەنگ پاشەڕۆژی نەوەکانیەوە بێت‌و دەربایسی یەکێتیی نیشمانیی وڵاتەکەی بێت، دۆخێکی لەوجۆرە ناخوازێت. کەس نایەوێت لەناو کۆمەڵگەکەیدا گروپبەندی دروست بێت‌و هەر دەستەو تاقمەش خۆی لەوانی تر جیابکاتەوە. ئاشکراشە سستمی جمهوریی فەرەنسی، پێشتر توانیویەتی تەواوی ئەو رەوەندە جیاجیایانەی رویان لەو وڵاتە کردووە، ئیتر ئیتاڵی بووبێت یان ئیسپانی یاخود پۆڵۆنی یان پورتوگالی، هەموویان ئاوێتەی کۆمەڵگەی فەرەنسی بکات، بەڵام هەنووکە بە زەحمەت دەتوانێت ئەوە لەگەڵ ڕەوەندی عەرەبی یاخود ئیسلامیدا بکات، لەبەر ئەوەی ئەم رەوەندە سەر بە ئایینێکی جیاوازەو تەنانەت ئایینێکە لە رووی مێژوییەوە رکابەری ئایینی خۆرئاوایە کە مەسیحییەتە. هاوکات تەشەنەسەندنی بزاوتە رادیکالییەکان لە تێکڕای جیهانی ئیسلامیدا ئەم پرۆسەیە ئەوەندەی تر قورستر دەکات، بەتایبەت دوای پەلامارەکانی 11ی سێپتەمبەر. قوتابخانە گشتییەکانی فەرەنسا هەمیشە شوێنی ئاوێتەو ئامێزانکردن‌و دروستکردنی هاووڵاتیانی داهاتووبووە، ئەویش لە رێی خوێندکارانی منداڵ‌و تازەپێگەیشتوانەوە. کەواتە لە بەرژەوەندیی دەوڵەتدانییە دنەی مەیلی تایفەگەری بدات‌و ئەو مەیلە لە ناخی خوێندکارەکانیدا بچێنێت، لەبەر ئەوەی رۆژێك دێت ئەوە دەبێتە مایەی شەڕی ناوخۆیی، بۆ نمونە وەکی ئەوەی لە لوبنان‌و چەند شوێنێکی دیکەی جیهاندا رویدا.

نووسەر پێیوایە زۆربەی زۆری رەوەندی ئیسلامی، کەسانی بێوەین‌و دەیانەوێت تێکەڵ بە کۆمەڵگەی فەرەنسی بن‌و وەکی تێکڕای هاووڵاتیان هەلومەرج‌و بژێویی ژیانیان چاکتربکەن، واتە ئەم رەوەندە ئیسلامییە کێشەو سەرئێشەی ناوێت‌و بە دوایدا ناگەڕێت، بەڵام لەناو رەوەندی ئیسلامیدا کەمینەیەکی دەمارگیرو پەرگیر هەیە، ئەمانەش ئەو فێندەمێنتالیست‌و ئەکتیڤیستە سیاسیانەن کە بەگشتی دەرگیری دەرەوەن‌و پەیوەندییان لەگەڵ رێکخراو و وڵاتانی دەرەوەدا هەیە. ئەمانە پێیان وایە عەلمانییەتی فەرەنسایی لاوازبووەو دەکرێت لە رێی رەوانەکردنی چەند کچێکی باڵاپۆشەوە بۆ قوتابخانەکان، کەلێنی تێبکرێت. ئەم مەسەلەیە لە سەرەتادا قوتابخانەکانی فەرەنساو تەنانەت وەزارەتی پەروەردەی نیشتمانیشی شپرزەکردو نەیاندەزانی لەگەڵ ئەم دیاردە سەیرو لەناکاوەدا چۆن رەفتاربکەن. ئایا ئەو کچە خوێندکارە منداڵانە دەربکەن لەبەر ئەوەی حیجابیان کردووە، یاخود رێگەیان پێبدەن بەو جلوبەرگانەوە بچنە قوتابخانەکانەوە؟. بەڕێوەبەری خوێندنگەکان‌و هەروەها وەزارەتی پەروەردەش، لە ئاست ئەم دیاردەیە دۆشدامان‌و نەیاندەزانی چی بکەن. لەم سەروبەندەدا توندڕەوەکان ئەو دۆخە ناجێگیرەیان قۆستەوە بۆ ئەوەی کیژانی باڵاپۆشی زیاترو زۆرتر رەوانەی خوێندنگاکان بکەن، ئەم هەنگاوەشیان بە مەبەستی تاقیکردنەوەی لایەنە بەرپرسەکانی فەرەنسا بوو، تا بزانن پەرچەکرداریان دەبێت یان نا؟. سەرەنجام هەندێ لایەنی بەرپرس هەڵوێستیان لەو دیاردەیە گرت‌و چەند کچێکیان لە خوێندنگاکاندا دەرکرد، بەمەش کێشەکە تەقیەوەو بوو بە مەسەلەیەکی عەرەبی‌و ئیسلامی‌و نێودەوڵەتی. تا دواجار لە پەرلەمانی فەرەنساوە بڕیارە یاسایەك دەرچوو، کە پۆشینی هەموو سیمبولێکی زەقی ئایینی لە قوتابخانەو شوێنە گشتییەکاندا قەدەغە دەکات.

نووسەر لە شوێنێکی ئەم کتێبەدا باس لەوەش دەکات ئەو کچانەی خۆیان داپۆشیبوو، بە ڕقەوە سەیری هاوپۆلە موسڵمانەکانی دیکەیان دەکرد کە داپۆشراو نەبوونو تەشەرو تانەی ئەوەیان لێدەدان کە ئەوانە بەهیچ جۆرێك موسڵمان نین! ئەڵبەتە ئەم شتەش لە فەرەنسادا قابیلی قبوڵ نییە. راستە لەو وڵاتەدا تۆ ئازادیت لەوەی سروتو رێوڕەسمی ئایینی خۆت بەجێ بێنیت، بەڵام مافی ئەوەت نییە زۆر بۆ ئەو کەسانە بێنیت کە ئەو شتانە پەیڕەوناکەن. وڵاتی عەلمانی وڵاتی ئازادیی ئایینیە، نەك سەرکوتکردنو چەپاندنی ئایین. لە ئەورووپا زەبرو زۆر لە دینداریکردندا نییەو کەسیش مافی ئەوەی نییە منداڵەکانی ناچاربکات بە جێبەجێکردنی رێوڕەسمی ئایین کە خۆی پێی رازی نەبێتو بە قەناعەتەوە نەیکات، چونکە ئەمانە مەسەلەی شەخسینو تەنها پەیوەندیی بە نێوان مرۆڤ و خوای خۆیەوە هەیە. خواش خۆی دەتوانێت لەو کەسە بپێچێتەوە نەك مرۆڤ. کەواتە ئەوەی حیجاب دەپۆشێت بۆی نییە هەڕەشە لە یەکێکی تر بکات کە حیجاب ناپۆشێتو هاوپۆلیەتی، یاخود لە قوتابخانەیەکدان پێکەوە یان دانیشتووی یەك گەڕەکن. پێدەچێت هەندێك کەسی توندڕەو تۆمەتی سۆزانییان دابێتە پاڵ ئەو کیژانەی حیجاب ناپۆشنو بە دڵی ئەوان خۆیان ناگۆڕن، هەر بۆیە هەڵوێستی حکومەت لەمەدا زۆر توندبوو. شایەنی باسە زۆرینەی خوێندکارە موسڵمانەکانی فەرەنسا باڵاپۆش نینو ئەوانەی باڵاپۆشن کەمینەیەکن ژمارەیان لە سەرتاسەری فەرەنسادا، لە چەند خوێندکارێك تێناپەڕێت. بەڵام ئەوانەی حیجاب ناکەن، بە سەدان هەزار کەس مەزەندە دەکرێن.

هەر لە درێژەی نووسینەکەیدا "گی کوك" دەڵێت: (دوای ماوەیەك بۆمان دەرکەوت کێشەی حیجاب زۆر لەوە مەترسیدارترە کە ئێمە بیرمان لێدەکردەوەو پرۆسەیەکە بە نهێنی فێندەمێنتالیستەکان نەخشەی بۆ دەڕێژن، تابتوانن لە رێیەوە خۆیان بئاخننە ناو رەوەندی ئیسلامی لە فەرنساو کۆنترۆڵیان بکەن، پاشان بۆ ئەوەی بەگژ یاساکانی جمهوریەتو عەلمانیەتی مۆدێرندا بچنەوە. کەواتە لە پشت ئەم پرۆسەیەوە ئامانجی سیاسی هەیەو شتێکی خۆبەخۆو بێگوناه نییە. ئەم پرۆسەیە وەکی باسی دەکەن مەسەلەیەکی ئایینیی رون نییە. سەرەڕای ئەوە هەندێك لەو کیژانە دانیان بەوەدا ناوە کە ئەوان لەلایەن باوكو براو مەلای مزگەوتو هەندێ فێندەمێنتالستی توندڕەوەوە ناچارکراون حیجاب بکەنو خۆیان داپۆشن. لێرەوە حکومەتی فەرەنسا درکی بەوە کرد کە لە ئێستادا ململانێیەکی توند لەناو رەوەندی ئیسلامیدا هەیەو ململانێکەش لەنێوان بزاوتی ئیخوان موسلمینو توانرەوەکانە لەلایەك، لەگەڵ ئاقاری ئەو موسڵمانە ئەقڵانیانەی تەبان لەگەڵ مۆدێرنەو یاساو رێساکانی مۆدێرنەدا، بەڵام بەبێ ئەوەی دەستبەرداری شوناسی ئیسلامی خۆیان بن. ئەمانە بە شێوەیەکی زۆرکراوەو لیبرالانە شرۆڤەی ئیسلام دەکەنو وەکی ئیخوانو توندڕەوەکان دەمارگیرو داخراو نین. تێگەیشتنی موسڵمانانی عەلمانی بۆ ئیسلام، جیاوازە لە تێگەیشتنی موسڵمانە فێندەمێنتالستەکان. موسڵمانانی عەلمانی وەك پەیامی سۆزو بەزەییو لێکبووردن لە ئیسلام دەڕوانن، نەك پەیامی جەنگو جیهادکردنی بەردەوامبێت لە دژی ئەوانەی موسڵمان نین. بە بۆچوونی ئەمان سەرجەم مرۆڤایەتی شایەنی سۆزو بەزەیی یەزدانن، گەر چاکەکارو راستگۆ و دڵو دەروون پاك بن. دواجار ئایینیش رەفتارو هەڵسوکەوتە، نەك شتێکی دی).

"گی کوك" لەسەر قسەکانی بەردەوامەو دەڵێت: (کەواتە نابێت لە ئاست ئەم ململانێیەی ناو رەوەندی ئیسلامی لە فەرەنسا دەستەوستان بین، بەڵکو پێویستە یارمەتیی ئەو باڵەیان بدەین کە کراوەو ئەقڵانییە، گەر نا ئەوا باڵە توندڕەوەکە بەسەریدا زاڵ دەبێت. ئەمەش نە فەرەنسا بۆی قبوڵدەکرێت، نە هیچ وڵاتێکی ئەورووپایی. ئێمە لەگەڵ ئیسلامی رۆشنگەریو ئەقڵانیداین، نەك لەگەڵ ئیسلامی دواکەوتوو و دەمارگیردا، وەك ئیسلامی بن لادنو خومەینیو تالیبانو نمونەکانیان). هەروەها وەکی نووسەری ئەم کتێبە دەڵێت: (نابێت لەبەردەم ئیخوان موسلمینو توندڕەوەکاندا چۆکدابدەین، چونکە

ئەوانە تەنها کەمینەیەکی بچکۆلەن لەناو رەوەندی ئیسلامیدا، هەرچەندە دەنگیان زوڵاڵەو هاشوهوشیان زۆرە. هاوکات دەبێت ئەو وتەزایەی فێندەمێنتالیستەکان بەرپەرچ بدەینەوە کە دەڵێت: ئێوە دژی حیجاب پۆشینن، کەواتە ئێوە دژی ئیسلامن! ئەمە وتەزایەکی هەڵەیە، لەبەر ئەوەی ئیسلام لە حیجاب پۆشیندا کورتناکرێتەوە. ئیسلام کولتورێکی گەورەو بەهایەکی ئەخلاقیو رۆحیی زۆر بەرفراوانەو هەر بەتەنها لە یاساغکردنو سنوردارکردنی کارو ئازادییەکاندا قەتیس ناکرێت. ئەمە بۆخۆی تێگەیشتنێکی روکەشو میکانیکیانەیە بۆ ئیسلام. هەروەها پێویستە لەسەر ئەو کەسەی دێتە وڵاتەکەمانەوەو دەیەوێت لەسەر خاکی ئێمە بژی، رێز لە یاساکانمان بگرێتو پابەندبێت پێیانەوە، گەرنا ئەوا کەس زۆری لێناکات لامان بمێنێتەوە. ئێمە سەدەکانی ناوەڕاستو ئیمانداری زۆرەملێیو ناچاریمان تێپەڕاند، دوای ئەوەی بەدرێژایی چەندین سەدە بەدەستیەوە گرفتاربووین. کەواتە ئێمە ئارەزووی ئەوەمان نییە بگەڕێینە دواوەو ناچاریش نین خواستو داواکاریی ئەو فێندەمێنتالستانە جێبەجێ بکەین کە لەناو مزگەوتەکانی وڵاتەکەماندا، بە ئاشکرا دژایەتیی شارستانییەتی خۆرئاوادەکەنو تانەو تەشەری لێدەدەن! هاوکات دژایەتیی ئەو ئازادیی ئایینیو فرە بیروباوەڕییە دەکەن کە لە کۆمەڵگەکانماندا هەیەو تۆمەتی بێباوەڕیو کوفرو مادەپەرستی دەدەنە پاڵمان. تەنانەت هەندێکیان بانگەشەی کوشتنمان دەکەن، لەبەر ئەوەی ئێمە مەسیحین یاخود ئێمە کافرو بێباوەڕین. لە هەردوو حاڵەتەکەشدا ئێمە لە بۆچوونی ئەواندا تاوانبارین. بەم پێیە ئەوانە لای ئێمە جێگەیان نابێتەوەو نابێت رێگەیان پێ بدەین یاساکانی خۆیانمان بەسەردا بسەپێنن. ئەوان لەسەریان پێویستە یان رێز لە یاساکانمان بگرن یاخود بچنەوە وڵاتی خۆیان. نابێت رێگەی ئەوەشیان پێ بدرێت ئەوەی لە مێشکیاندایەو بیری لێدەکەنەوە، بەسەر ئەو بەشەی دیکەی رەوەندی ئیسلامیدا فەرزی بکەن، کە بەوپەڕی هێمنیو بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانەو دوور لە هەراوزەنا دینداریی خۆیان دەکەن). لە کۆتایدا "گی کوك" دەڵێت: (من وەك خۆم کەسێکی مەسیحیی کاتۆلیك مەزهەبم، بەڵام رێ بەوە نادەم کڵێسا دەست لە کاروباری گشتییو سیاسەتی دەوڵەت وەربدات. هەروەها رێگەنادەم کڵێسا یاساکانی خۆی بەسەر دامەزراوەکانی خوێندندا بسەپێنێت، وەك چۆن رێگە بە فێندەمێنتالستە ئیسلامییەکانیش نادات ئەو کارەبکەن.. دەبێت خوێندنگە لە هەموو پڕوپاگەندەیەکی ئایینی بە دووربێت، ئیتر مەسیحی یان ئیسلامی یاخود یەهودی بێت). "گی کوك" وەك مەسیحییەکی ئیماندار داکۆکی لە سیستمی عەلمانی دەکات، لەبەر ئەوەی تاکە سیستمێکە رێگەدەدات بەوپەڕی ئازادییەوە مرۆڤ تەواوی وزەو تواناکانی خۆی بەگەڕبخات. هەروەها سیستمی عەلمانی سیستمی ئازادیی فیکریو بیروباوەڕەکانەو تاکە سیستمێکیشە خوێندکاران پێکەوە کۆدەکاتەوەو جیاوازی لەنێوانیاندا ناکات، ئەمە لە کاتێکدا سستمی فێندەمێنتالیزمی ئایینی تۆوی رقو دەمارگیری لەناو خوێندکارانی یەك خوێندنگادا دەچێنێتو وایان لێدەکات وا هەست بکەن کە تەواو لە یەکتر جیاوازن، نەك هەر ئەوەندەش، بگرە وابزانن لە داهاتوودا دەبنە دوژمنو نەیاری یەکتری، چونکە موسڵمان ناکرێت متمانە بە مەسیحیو جولەکە بکات، وەك چۆن ئەوانیش متمانە بە موسڵمان ناکەن. کەواتە فەرەنسا هەرگیز رێگە بەوە نادات تۆوی دووبەرەکی لەناو خوێندکارەکانیدا بچێنرێت، چونکە ئەوانە نەوەی دوارۆژو دروستکەری داهاتووی ئەو وڵاتەن. بۆیە دەبێت یەکتریان خۆشبوێتو بەوپەڕی سنگفراوانییەوە لەگەڵ یەکتریدا هەڵبەکن نەك رق لە یەکتری هەڵگرن، لەبەر ئەوەی ئەمیان لە بنەماڵەیەکی مەسیحییەو ئەویان ئیسلامییەو ئەوی دیکەیان یەهودییە. لە فەرەنسادا تەنها هاووڵاتیی فەرەنسی هەیەو هەمووشیان هاووڵاتیی پلە یەکن.

**سەرچاوە:**


*د.هاشم صالح: معضلة الأصولية الاسلامية–دار الطليعة، بيروت– الطبعة الاولي، 2006.


**پەراوێز:**

(*) g uh cob, laicite etrepudlib ue. le lien necessa .ire, paris, lefelin- kiron, 2005